بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەریی کوردیی لە لوبنان

خدر ئیبراهیم

بەشی دووەم و کۆتایی

بیبلۆگرافیای رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لە لوبناندا

١-رۆژنامەی "ڕۆژانو-ROJA NU:

ئەم رۆژنامەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٣دا لە لایەن د.کامەران بەدرخان لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان وەك رۆژنامەیەکی سیاسیی هەفتانە بڵاوکراوەتەوە؛ ناو بە ناو بابەتگەلێکی هەمەجۆری ئەدەبی و فۆلکلۆریشی بڵاوکردووەتەوە، ئەو بابەتانەی تیایدا چاپکراون زیاتر لە لایەن خودی د.کامەرانەوە نووسراون و ئامادەکراون؛ جگە لەوەی بە شێوە زمانی کرمانجیی ژوورو بابەتی بڵاوکردووەتەوە؛ ناو بە ناویش بابەتی بە زمانی فەرەنسی چاپکردووە.

د. کامەران بارەگای رۆژنامەی ناوبراوی لە کۆشکی "ابو عفیف" لە گۆڕەپانی "البرج" دانابوو، ئەم رۆژنامەیە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٦دا ٧٣ ژمارەی لێ چاپکراوە.

سەرجەمی ئەو ژمارانەش بە سەر یەکەوە لە ساڵی ١٩٨٦دا لە دوو تویێی بەرگێکی ٢٨٨ لاپەڕەیی قەوارە گەورەدا لە ستۆکهۆڵم-ی پایتەختی سویددا لە چوارچێوەی زنجیرە چاپکراوەکانی "ژینانۆ" سەر لە نوێ بڵاوکراونەتەوە.

٢-رۆژنامەی "ستێر-Ster

رۆژنامەیەکی سیاسیی ئەدەبی بوو، لە ساڵی ١٩٤٣دا لە لایەن د. کامەران بەدرخانەوە بە شێوە زمانی کرمانجیی ژوورو چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە میانی زۆربەی ژمارەکانی دا بابەتگەلێکی گرتووەتە خۆ کە ناوەرۆکەکەیان تەرخانکراوە بۆ هێرش بردنە سەر بیروباوەڕی نازییەت و فاشییەت و رەگەز پەرستی و بیرو بۆچوونە توندڕەوەکان لە جیهاندا.

ئەم رۆژنامەیە تاکو ساڵی ١٩٤٥ بڵاو نەکراوەتەوە، لەو ساڵەدا لە بەرئەنجامی چەند هۆکارێکی سیاسی و ئابووری لە بڵاوکردنەوە وەستاوە.

٣-رۆژنامەی صوت الأکراد-DENGE KURD

زمانحاڵی (پارتی دیموکراتی کوردی لوبنان-پارتی) بوو، کە لە لایەن "جمیل محو"ەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا، ژمارەی یەکەمی ئەم رۆژنامەیە کە بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی ١٩٧٠ لە پاش ڕەزامەندیی پێدان بەو پارتە، لە لایەن حکومەتی لوبنانەوە کەوتووەتە بەر چاوان.

رۆژنامەیەکی سیاسیی هەفتانەو ٤ لاپەڕەیی بوو، جار بە جارێك ژمارەی لاپەڕەکانی بۆ ٨ لاپەڕە زیادکراوەو پاشان گەڕاوەتەوە سەر شێوەی پێشووی خۆی، بارەگاکەی لە بەیروت-القنطاری بووە، لە سەرجەم ژمارەکانیدا دوو گۆشەی لاکێشەیی شێوە (بۆکس)ی رۆژنامەنووسیی بڵاوکردووەتەوە "لە بیرو باوەڕەکانی پارتی" و "لە وتەکانی دامەزرێنەری پارتی"ی تیادا خراوەتەڕوو؛ ئەم دوو گۆشەیەش تێڕوانینی ئاشکرای پارتی ناوبراوی نواندووە.

دەستەی نووسەران لە چەند کەسێك پێکهاتووەو کاری رۆژنامەکەش بەم شێوەیە دابەشکراوە: "جمیل محو-سەرپەرشتیاری گشتی" و "الأب ریمۆن-خاوەنی ئیمتیاز" و "فرید جوهر-بەڕێوەبەری لێپرسراو" و "سیامەند محو-بەڕێوەبەری ئیداری"یی رۆژنامەکە بووە.

ئەم رۆژنامەیە تاکو سەرەتای هەشتاکان بەردەوام بووە، پاشان لە بڵاوکردنەوە وەستاوە، پێدەچێت هۆکاری وەستانی بە هۆی لە کار وەستانی کەناڵی ئیعلامیو سیاسیی پارتی ناوبراوەوە بووبێت[٦].

٤-رۆژنامەی "خەبات-HABAT

زمانحاڵی (پارتی رزگاریی کوردی لوبنان) بووەو وەك رۆژنامەیەکی سیاسیی مانگانە بڵاوکراوەتەوە، یەکەمین ژمارەی لە ساڵی ١٩٧٥دا بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە پشتناوی رۆژنامەکەوە وێنی (چیا و خۆر)یێك کێشراوە، ئەم رۆژنامەیە بە قەبارەی گەورەو ٨ لاپەڕەیی چاپکراوە، لاپەڕەکانی بۆ هەواڵ و چالاکییەکانی پارتی و باس و خواسی کوردەکانی نێوخۆی لوبنان و مەسەلە هەنووکییەکانی تری نێو لوبنان تەرخان کردووە.

خولی یەکەمی ئەو رۆژنامەیە تاکو ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام بووە، پاشان لە بڵاوکردنەوە وەستاوە، لە پاش ١٠ ساڵ لە نەورۆزی ١٩٩٤دا سەر لە نوێ چاپکراوەتەوەو بە خولی دووەمی رۆژنامەکەی دیاریکردووە.

لە دوو تویێی لاپەڕەکانی ژمارەی نەورۆزی ١٩٩٤دا چەند بابەتێك بڵاوکراونەتەوە لە بارەی مەردان و دیدار و گەشتەکانی سکرتێرو ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی ناوبراوی بۆ کوردستانی عیراق و وتارێك لە بارەی ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بابەتێك سەبارەت بە مەسەلەی پێدانی ناسنامەی لوبنانی بە کوردەکانی نێو خۆی لوبنان بڵاوکراوەتەوە.

٥-رۆژنامەی صوت الشبیبة الکردیة-Denge Lawane Kurd

بڵاوکراوەیەکی نێوخۆیی بوو، دەستەی راگەیاندنی مەرکەزیی (پارتی دیموکراتی کوردی لوبنان-سەرکردایەتیی کاتی) بە زمانی عەرەبی بڵاوی دەکردەوە؛ لە تەنیشت ناوی رۆژنامەکەوە نووسراوە "Denge Lawane Kurd" و بابەتەکانی سەرجەم بە زمانی عەرەبی بڵاوکردوونەتەوە.

ئەم رۆژنامەیە مانگنامەیەکی سیاسیی گشتی بوو، رووداوە گەرماو گەرمەکانی نێو لوبنان و چالاکییەکانی ئەو پارتەی بڵاودەکردەوە؛ هەر وەك بایەخیشی داوەتە دەنگ و باس و چالاکییە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق.

یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٧دا بڵاوکراوەتەوە؛ پاشان لە سەرەتای هەشتاکاندا لە بەرئەنجامی لە کار وەستانی پارتی ناوبراو رۆژنامەکەش داخراوە.

٦-گۆڤاری ڕاستی-Rasty

یەکەمین ژمارەی لە ساڵی ١٩٧٣دا لە لایەن (کۆمەڵەی ئورزی وەرزشی و رۆشنبیریی کوردی) لوبنانییەوە بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی ناوبراو لە ٣٤ لاپەڕە پێکهاتووەو قەوارەکەی (٢٤×١٧)سم بووە، ژمارەی سێیەمینی لە ساڵی ١٩٧٤دا بە بەرگێکی سەرنج راکێشەوە چاپکراوە؛ لە پاڵیدا وێنەیەکی فۆتۆگرافیی دوو منداڵ-کوڕو کچێك-ی بە بەرگی کوردییەوە بڵاوکردووەتەوە کە باوەشیان کە باوەشیان بە یەکتریدا کردووە.

ئەم گۆڤارە بایەخی بە لایەنی رۆشنبیریی گشتی و فیکری داوە، جگە لە مەش چالاکی و هەواڵە وەرزشییەکانی نێو لوبنانی بڵاوکردووەتەوە، بە تایبەت ئەوانەی کوردەکان تیایدا بەشداربوون.

لە لایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەوە لە هەر ژمارەیەکی نوێ چەند دانەیەکی لێ رەوانەی کوردستان کراوە، ئەم گۆڤارە تا ژمارە ١٧ی بەردەوام بووەو پاشان لە بڵاوکردنەوە وەستاوە، تا لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣دا جارێکی تر کەوتووەتە گەڕو ژمارە ١٢ یان لێ بڵاوکردووەتەوە.

٧-رۆژنامەی پەیمان-PAIMAN

رۆژنامەی مەرکەزیی (بزووتنەوەی بروسکی کوردی لوبنان)ە (حرکة الصاعقة الکردیة اللبنانیة)، بە زمانی عەرەبییەو بە قەبارەی بچووك و "نیو رۆژنامەیی" بڵاودەکرێتەوە، بە شێوەیەکی مانگانە بە ٨ لاپەڕە دەردەچێت، بە تەنیشت ناوی رۆژنامەکەوە بە تیپی لاتینی نووسراوە: (Denge Biruska).

لە لاپەڕەی یەکەمداو لە بەشی سەرەوەی ناوی رۆژنامەکەو وێنەی (چیا) یەك بە رەنگی رەش کێشراوەو لە تەنیشتییەوە (خۆر) یێك پرشنگ دەدات، بە لای راستی رۆژنامەکەشەوە دروشمی سەرەکیی "بزووتنەوەی بروسك" نووسراوە کە "داوا لە حکومەتی لوبنان دەکات کێشەی ژێر توێژینەوە چارەسەر بکات و رەگەزنامەی لوبنانی بە کوردەکانی لوبنان ببەخشێت، چونکە کوردەکانی لوبنان بەشێکی جیانەکراوەی گەلی لوبنانن".

ئەم رۆژنامەیە، رۆژنامەیەکی سیاسیی مانگانەیەو یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٨٠دا بڵاوکراوەتەوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی باس و خواسی کوردەکانی نێو لوبنان، بایەخ بە دەنگ و باس و هەواڵە سیاسییەکانی کوردستانی گەورە دەدات.

٨-رۆژنامەی "صدی کردستان

لە لایەن نووسینگەی لوبنانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی عیراقەوە بڵاودەکرایەوە، ژمارە بەراییەکانی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٣دا بە ٨ لاپەڕەو بە زمانی عەرەبی بڵاوکراونەتەوە، پێدەچێت دواینی ژمارەی لە ساڵی ١٩٩١دا لێ بڵاوکرابێتەوەو پاشان لە بەرئەنجامی داخستنی نووسینگەی ناوبراوو گەڕانەوەی کارمەندانی رۆژنامەکە بۆ کوردستان، بۆ یەکجاری لە بڵاوکردنەوە وەستابێت.

لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ١٠ی رۆژنامەکەدا ئەم دروشمە هاتووە: "کوردستانی عیراقی رزگارکراو، بنکەیەکی پتەوە بۆ شۆڕشی سەراپاگیرییانەی عیراق".. هەروەها نووسراوە: "دیموکراسییەت بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستان"..

رۆژنامەی (صدی کردستان) رۆژنامەیەکی سیاسیی مانگانە بوو بە شێوەیەکی گشتگیرانە بایەخی دەدایە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگو باس و چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق.

٩-گۆڤاری "بەربانگ-BAPBANΓ

گۆڤارێکی مانگانەی گشتی بوو، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٣دا لە لایەن "یەکێتیی قوتابیانی کوردستان"ەوە بڵاوکراوەتەوە، بابەتگەلی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی هەمەچەشنەی بڵاوەکردەوە، هەروەها گرنگییشی بە چالاکی و هەواڵەکانی قوتابیان لە نێوخۆی لوبنان و لە کوردستانی عیراقدا دەدا.

١٠-گۆڤاری "ئاسۆ-AΣO

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢دا یەکەمین ژمارەی بە رێنووسی لاتینی و شێوە زمانی کرمانجیی ژوورو بڵاوکراوەتەوە، گۆڤارێکی رۆشنبیریی سەربەخۆیە، دەستەی نووسەرانی لە مانە پێك هاتوون: "بشار عیسی، رشید صدرو، زبیر یوسف"، بارەگاکەی لە شاری بەیروتە، بە پلەی یەکەم لە لایەن کوردەکانی لوبنان و سووریاوە هاوکاری دەکرێت.

(صدی کردستان) بایەخی دەدایە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق

لە سەر بەرگی یەکەمیدا ئەم دەستەواژەیە هاتووە: "بەندەواری بە داهێنان و ئەفراندنێن رۆشنبیرێن کورد دکە"، ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم ژمارەیە ٧٥ لاپەڕەیە، لەم ژمارەیەدا جگە لە بڵاوکردنەوەی بابەتگەلە ئەدەبی و هونەرییەکان، دوو وتاری سیاسیی تێدا بەرچاو دەکەون، کە بە گشتی سەبارەت بە رەوشی سیاسییانەی کورد دەدوێن.

ژمارەی دووەمی ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٩٣دا بە قەوارەی ١٢٠ لاپەڕەو لە چاپێکی رێك و پێك و رەنگاوڕەنگدا بڵاوکراوەتەوەو چەندین بابەتی جۆراوجۆری لە خۆ گرتووە.

١١-گۆڤاری پرس-PIRS

گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە، یەکەم ژمارەی لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩٣دا بڵاوکراوەتەوە، قەوارەی ٤٨ لاپەڕەیە، لەسەر بەرگی یەکەمی گۆڤارەکە دروشمێك دەبیندرێت کە بەو شێوەیەیە: "وێنەی نامەیەك کە چیا و خۆری لەسەر کێشراوەو لە پاڵیدا وێنەی فڵچەیەکی نووسینو نەخشەیەکی کوردستانی گەورە دانراوە".

بەرگی ئەم گۆڤارە رەنگاوڕەنگەو بە شێوەیەکی هونەرییانە دەرهێنراوە، لە سەروتاری ئەم گۆڤارەدا ئەم پرسیارە کراوە: "ئەم گۆڤارە بۆچی..؟ پرس بۆچی..؟"، هەر خۆشی وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە کە وا ئامانج لە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە خزمەتکردنە بە زمان و کولتووری کوردیی، هەروەها روونی کردووەتەوە کە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە لە پاش راگرتنی هەر سێ گۆڤاری (رێ، ستێر، گەلاوێژ)ەوە هاتووە ، تا بتوانرێت بە هەروەزی و کۆمەڵیانە پەرە بە (پرس) بدرێت و پێش بخرێت[١٥].

لە ئەرشیفی (بەدرخان) دووە

دولة سورية
وزارة الداخلية
الديوان
رقم
٦٢٢٤

ETAT DE SYRIE
Ministere de Elnterieur
CABINET
N.....

حضرة الامير جلادت بدرخان المحترم

استلمت الطلب الذي قدمتموه بشأن اصدار جريدة ادبية علمية مصورة اسمها (هاوار) تصدر كل خمسة عشر يوما باللغة الكردية في دمشق وعند الاختيار باللغة العربية او الأفرنسية دون ان تتدخل بالابحاث السياسية وايذانا بذلك اعطي لحضرتكم هذا الوصل بالاستلام.

دمشق في ٢٦ تشرين الاول ٩٣١ — وزير الداخلية

بەکوردی:

دەوڵەتی سوریا
وەزارەتی ناوخۆ
دیوان
ژمارە
٦٢٢٤

ETAT DE SYRIE
Ministere de Elnterieur
CABINET
N.....

پایەدار میر جەلادەت بەدرخانی بەڕێز

ئەو داواکارییەتانم بەدەست گەیشت سەبارەت بە دەرکردنی رۆژنامەیەکی وێژەیی زانستی وێنەدار بەناوی (هاوار) کە هەر پانزە رۆژ جارێك بەزمانی کوردی لە دیمەشق دەردەچێت و سەرپشکە بۆ هەڵبژاردنی زمانی عەرەبی یان فەرەنسی بێ ئەوەی توخنی بابەتی سیاسی بکەوێت.. بۆ رێگاپێدان بەئەوە ئەم نووسراوە دەدەمە بەڕێزتان.

دیمەشق لە ٢٦ ی‌تشرینی یەکەمی ٩٣١ — وەزیری ناوخۆ

***

ئەم بەڵگەنامەی سەرەوە مۆڵەتی رێگاپێدانی رەسمیی دەوڵەتی سوریایە بە میر جەلادەت بەدرخان بۆ دەرکردنی رۆژنامەی (هاوار) بەزمانی کوردی و سەرپشك بێت بە بەکارهێنانی زمانی فەرەنسی یان عەرەبی بەمەرجێك توخنی سیاسەت نەکەوێت، بەرواری دەرچوونی ئەم دۆکیومێنتە ٢٦ ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ ی زایینیە.. بەڕێز خاتوو سینەم جەلادەت بەدرخان لە بەغدا دەقی ئەم بەڵگەنامەیەی پێشکەش بە (بەدرخان) کرد..

کەمال نوری مەعروف: یەکەم شارستانێتیی مرۆڤ لە کوردستاندا سەریهەڵداوە

دیداری: بەدرخان ٢-٢

جارێکی تریش ئەوە دەڵێم؛ هەموو بەڵگە شوێنەوارییەکان بۆ ئەوە دەچن کە یەکەم شارستانێتیی مرۆڤ لە کوردستاندا سەریهەڵداوەو هەر لێرەشەوە بەرەو ناوەڕاست و باشووری عیراق چووە. ئاسەوارە دەرکەوتووەکانی گوندی چەرمووی ناوچەی چەمچەماڵ، بەڵگەیەکی تری ئەو پێشکەوتنە شارستانییەیە کە چۆن یەکەم گوندی کشتوکاڵی لە کوردستاندا بۆ یەکەم جار سەریهەڵداوە.. بەڵگەی تریش هەن کە لە سەردەمی (حەلەف) واتە هەزارەی شەشەمی پ.ز کوردستان لانکەی پێشکەوتنی شارستانییەتییەکی نوێ بووە کە پاشماوە سواڵەتییەکانی ئەو راستییە نیشان دەدەن هەر وەکو لە شوێنەواری گردی (بەگم)ی ناوچەی ناوچەی شارەزوور دەرکەوت کە لەوێوە بەرەو شوێنە دوورەکانی تر ئەو شارستانێتییە چووە، واتا بەرەو ناوچەی خاپوور لە کوردستانی سووریا و چەند ناوچەیەکی جیاجیا لە پارێزگای موسڵ کە بۆ ئەو رۆژە کودەتایەکی گەورە بووە بۆ ئەو شەپۆلە شارستانییە گەورە ناوازەیە.

*قەڵای هەولێر، کۆنترین شوێنەوارە لە جیهاندا.. پێتان وایە ئەمە راست بێت..؟

-من پێم وایە ئەو قسەیە راستەو قەڵای هەولێر وەکو شارێکی ئاوەدان بە دانیشتووان، کۆنترین شارێت لە سەردەمە مێژوییەکانەوە لە جیهاندا، چونکە لەو قەڵایەوە ئاوەدانی کەوتووەتەوەو مرۆڤ بۆ مانەوەی، دەستی بە خانوو دروستکردن کردووە تیایدا، ئەو ئاوەدانییەش هەتاکو ئێستا لەو قەڵایەدا هەر بەردەوامە.

ئەگەر وەکو شوێنەوارو مێژوو بمانەوێت تەمەنی ئەو قەڵایە دەستنیشان بکەین، دەتوانین بڵێین: مرۆڤ لە بەرەبەیانی بنەماڵەکانەوە، واتا لە (٢٦٠٠ی پ.ز)ەوە لەو قەڵایەدا دانیشتووەو شارستانێتیی بەرەو پێش بردووە کە تەمەنی بۆ ئێستا دەگاتە ٤٦٠٠ ساڵ. بەڵام هەر ئەو قەڵایە لە کوردستاندا نەبووە کە کۆن بێت و مرۆڤی تێدا دانیشتبێت، بەڵکو قەڵای کەرکوك-یش نموونەیەکی ترە بۆ کۆنیی شارستانێتیی کوردو دانیشتنی مرۆڤ لەو شوێنەدا کە وەکو سەردەم هەردوو لایان یەکدەگرنەوە. واتا مێژوویەکی هاوشێوە یا هەیە کە زیاتر شوێنی دانیشتنی گەلانی زاگرۆس و هیندۆ ئەوروپی بوون.

*مامۆستا کەمال، نووسینە تەنز ئامێزەکانی و تانەکانی لە نووسیندا لەگەڵ رەفتاری ژیانی رۆژانەی جیاوازە، پێتان وا نییە کنەو پشکنین ئەو رەفتارەی پێ بەخشین..؟

-بە راستی ئەم پرسیارە دەبووایە بەو شێوەیە بووایە؛ مامۆستا کەمال نووسینە تەنز ئامێزەکانی و تانەو تەشەرەکانی لە نووسیندا لەگەڵ رەفتاری ژیانی رۆژاەیدا یەکدەگرێتەوە..؟ چونکە هەتاکو ئێستا زۆر هاوارو داوام لە لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم کردووەو لێیان پاڕاوەمەتەوە کە زیاتر لا لە ئاسەوارو شوێنەوارەکانی هەرێمەکەمان بکەنەوەو دەستی ئەوانە بپڕن کە دەستدرێژیی دەکەنە سەر شوێنەوارەکان و ئاسەوارەکان، بەڵام ئەو بە تەنگ هاتنەوەیان، هەتا ئێستا لە ئاستی پێویستدا نەبووە، ئەمە وای لێکردم لە هەوڵدانم هەر بەردەوام بم، وەکو وەفایەك بۆ نەتەوەکەم، بەڵام هەندێك جاریش کە هەواڵێکی ناخۆش بەرامبەر بە شوێنەوارەکان دەبیستم لە داخانا دەکەومە نەقدکردنی لێپرسراوان کە بۆ ئاگایان لە شوێنەوارەکان نییە..؟! بۆیە دەڵێم سەیری لەسەر خۆییەکەم مەکە، بەڵکو لە دڵم بروانە کە خەفەتی شوێنەوارەکان وەکو خەڵووزی لێکردووە..

*لە نێو کورددا.. عەبدولڕەقیب یوسف بە توانا ترین شوێنەوار ناس ناسراوە، کەسی ترمان هەیە وەك ئەو وابێت..؟

-بەڵای منەوە مامۆستا "عەبدولڕەقیب یوسف" سەربازی نەناسراوی کوردەو خۆشەویستیی ئەو بۆ مێژوو و کەلەپووری کورد، بە رادەیەکە وەکو عەشقی مەم وایە بۆ زین. ئەو سەربازە لەو دوو بوارەدا توانیویەتی خزمەتی گەورە بەو خەرمانە گەورەیە بگەیەنێت، کتێبە مێژوییەکانی شایەتی حاڵن، کە لە پێشیانەوە دوو بەرگی دەوڵەتی دۆستەکی دێن، جگە لە سەدان باس و لێکۆڵینەوەی تری؛ لە سەر کەلەپوورو مێژووی هاوچەرخی کورد. ئەو مامۆستا خۆشەویستە لەگەڵ ئەو تەمەنە زۆرەیدا ئێستاش بۆ خزمەتی مێژوو و کەلەپوور، گەڕانی بەردەوامی بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا هەیەو هەزاران هەزار وێنەی خانووە کەلەپوورەکانی لا کۆبوونەتەوە کە خزمەتێکی گەورەیە بۆ کوردو شارستانێتییەکەی، من رێزی زۆرم بۆی هەیە یاخوا تەمەنی درێژ بێت تاوەکو زیاتر خزمەت بە مێژوو و کەلەپوور بکات.

*سەلاحەدینی ئەیبووبی لە کوێ لە دایك بووە..؟

-سەلاحەدینی ئەیبووبی لە هەر کوێیەك لە کوردستاندا لە دایك بووبێت گرنگ ئەوەیە کوردەو مێژوویەکی شکۆداری بۆ تۆمار کردووین، جا ئەو لە دایك بوونەی لە (دوین)ی ناوچەی هەولێر بێت یان لە شوێنێکی تری کوردستانی شووڕەوی لە ئەرمینیا کە ئێستا لە ناو خاکی ئەرمەنستاندایە، ئەو جۆرە ساخکردنەوانەش ئەگەر بکرێت بۆ مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستمان کارێکی چاکە..

من لەگەڵ دەمەقاڵەکەی عەبدولڕەقیب یوسف و برای نووسەر "عەبدولخالق سەرسام" دا نیم کە لە سەر شوێنی لە دایك بوونی سەلاحەدین کردیانە مشت و مڕ، من رام وایە ئەگەر مێژوو نووسێك لەو رووەوە رای بە جێی زانستیی هەبێت، دەبێت بەرامبەرەکەی و دوور بێت لە دەمارگرژی، بۆ ئەوەی مێژوو دوا رۆژە لە تۆمارە گەورەکەیدا بە خراپی ناومان نەبات.

*پرۆژەی داهاتووت لەسەر شوێنەوار چییە..؟

-پرۆژەی داهاتووم بۆ خزمەتی شوێنەوارەکانی کوردستان زۆرن، لەم ساڵەدا بە تەمام بە هاوکاریی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شوێنەواری ئیدارەی هەولێر گەڕانێك بە ناوچەی (بەستۆرە)دا بکەین، ئەگەر خەرجییەکەی بۆ دابین بکرێت، ئەمەش بۆ دۆزینەوەی پاشماوەکەی شەڕی دارای سێیەمی هاخامەنشی و ئەسکەندەری گەورە کە بە شەڕی گۆگامیلا ناسراوە لە مێژوودا، ساڵی ٣٣١ی پ.ز. هەروەها بە تەمام کاری کنەو پشکنین لە هەندێك لە شوێنەوارەکانی ناوچەی کەلار دا ئەنجام بدەم ئەگەر حکومەتی هەرێم رەزامەند بێت و خەرجیی بۆ دابین بکات، بە تایبەتی "تەپەی گاور"، خوا یارێت کاری ترو پرۆژەی تریش زۆرن، ئەگەر کۆسپیان بۆ دروست نەبێت. ئێستاش خەریکی مەسحی شوێنەوارەکانی ناوچەی کەلارمو لە دوا قۆناغی ئەو کارەدام، کە خزمەتێکی گەورەیە بۆ مێژووی شوێنەوارەکان، ئەم کارەش بە هاوکاریی فەرمانگەی شوێنەواری کەلارە، کە یارمەتیی ئەوان نەبووایە کارەکە سەری نەدەگرت، لەگەڵ ئەو مەسحەشدا نەخشەیەك بۆ شوێنەوارەکان دەکەین کە هەموویان لە خۆ بگرێت.

سەلاحەدینی ئەیبووبی لە هەر کوێیەك لە کوردستاندا لە دایك بووبێت گرنگ ئەوەیە کوردە

جوان نووسانی کورد

سنەو هونەری خۆشنووسی

لایەڕەکانی مێژووی هونەری خۆشنووسی دەوڵەمەندن بە کاری داهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە خۆشنووسان لەوانە خۆشنووسانی نەتەوەکانی (کورد، فارس، عەرەب، تورك) جێی شانازییە بۆ گەلەکەمان کە خاوەنی چەندین مامۆستای داهێنەرە لەم بوارەدا، کە ئەمڕۆی مێژووی خۆشنووسی بە شانازییەوە ناویانی تۆمارکردووەو بە ئەستێرەی داهێنەریان لە قەڵەم دەدات.

شاری سنەی خۆشەویست یەکێکە لەو شارە دێرینانەی کوردستانی ئێران، کە هەر لە کۆنەوە ئاشنایەتییان لەگەڵ هونەردا هەیە، بە تایبەتی لە هونەری خۆشنووسیدا کە ئەمڕۆ کارە هونەرییەکانیان لە مۆزەخانەکانی ئێراندا پارێزراوە، لەوانە خۆشنووسی کۆچکردوو (عبدالحمید ملك الکلامی، مەلا حەسەنی کوردستانی، میرزا ئەجنابی کوردستانی، حاجی مەحمود محەمەدی..) ئەمڕۆش لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی خۆشنووس لە شاری سنەی خۆشەویستدا لەوانە (سەعید قادری، سەعید غەفووری، سدیق غولامی، فاتیح عیززەت پوور، محەمەد سایر، ئەفشین بەهار زەر..) توانیویانە ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی ئەم شارە بە هونەری خۆشنووسی ئاشنا بکەنو بەشداریی لە پێشانگەو پێشبڕکێ هونەرییەکانی ناو ئێران و دەرەوە بکەنو چەندین خەڵاتی رێزلێنان وەربگرن، ئەوەی شایانی باسکردنە رۆڵی مامۆستای داهێنەر کاکە سەعیدی قادری لە خزمەتکردن بە رەوتی هونەریی خۆشنووسی لە شاری سنەدا جێی ستایش و سوپاسە، سەرەڕای کاری مامۆستایەتی، خاوەنی پەیمانگەی (صبا)ی هونەرییە بۆ فێربوونی هونەری خۆشنووسی و نەخش و نیگار، کە ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی سنەو شارەکانی تری وەك مەریوان و سەقز.. فێری ئەم هونەرە دەکات، لەوانە لە شاری مەریوان (لوقمان ئەحمەدی، یادگار بەرقی، ئارام مەزهەری). هەروەها خاوەنی چەندین تابلۆی بەرزی هونەرییە کە زۆربەیان لە شیعری شاعیرانی کوردەو هەندێکیان چاپکراون.. تێکڕای کارە هونەرییەکانی ئەرکی نەخش و نیگارکردنی لە لایەن هونەرمەندی دەست رەنگین (بەهرامی کوردستانی)یەوە ئەنجامدراوە، کە ئەمساڵ لە پێشانگەیەکی هونەریی نەخش و نیگاردا لە تاران توانیی خەڵاتی یەکەمی پێشانگەکە بەدەست بهێنێت.

لە دوا هەواڵی هونەریی خۆشنووسانی شاری سنەدا بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خۆشنووسان لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هونەری خۆشنووسی لە تاران کە (٣٢) دەوڵەت بەشدارییان تێدا کردبوو، لەوانەش (١٤) خۆشنووسی شاری سلێمانی.

ئا: نەریمان عوسمان — Nariman_os@yahoo.com